بەرێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز، کە ئەمرۆ سەدام حسێن و دارودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بەتۆمەتی ئەنفال و کیمیابارانکردنی کورد .
چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە. هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلایکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەڵێ سەرنجی تر ئەمرۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆیە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .

دەستەی بەڕێوەبردنی دەنگەکان
September 06
www.dengekan.com

# بەو دیمەنانەوە کە لە دادگا ئەیبینین زەحمەتە سەدام وداروودەستەکەی بە تاوانی جینۆساید حوکم بدرێن

**دەنگەکان :**

**دادگای باڵای تاوانەکاتنی عێراق تا چەند پێوەر وگونجاوە بۆ دادگایی کردنی تاوانباران وکۆکوژی کورد ؟**

**ئەحمەد معین :**

**زۆر هۆی سیاسی وتکنیکی هەن کە کاریگەری ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆیان هەیە لەوەی کە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق نەتوانن بێن بەشوێنێکی گونجاو بۆ یەکلاکردنەوەی فایلی تاوانەکانی ئەنفال.**

**من لێرەدا کورتەیەکی ئەو هۆیانە باس ئەکەم:**

**یەکەم : نابێ بەوە خۆشباوەڕبین کە دادگای ناوبراو سەربەخۆیە یا لەژێر کاریگەری هێزە کاریگەرەکانی ئەمڕۆی گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا نیە. هەرخودی ڕیزکردنی فایلی دوجەیل وپاشان ئەنفال خۆی گوزارشت لەو کاریگەریە سیاسیە ئەکات.**

**دووەم: سوننەتی دادوەری لەعێراقدا بەتایبەتی لەبواری لێکۆڵینەوە و بڕیاردان ویەکلاکردنەوەی فایلی لەم جۆرە هەم پێشینەیەکی نیە وهەم سەرجەم سیستمی ناوبراو هێشتا لەژێر باری قورسی ( بەسیاسی کردن ) دا ئەناڵێنێت وهێشتا سادەترین ڕیفۆرم لەو دەزگایەدا نەکراوە.**

**سێیەم: جیاکردنوەی دەسەڵاتی قەزائی لەسیستمی سیاسی ئەمڕۆی عێراق وسەربەخۆبوونی قەزا لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەقسەیەکی سەرکاغەز زیاتر هیچی تر نیە.**

**چوارەم: ئەم دادگایە خۆی وئەو یاسایەی بۆی داڕێژراوە وئەو میکانیزمەی کاری لەسەر ئەکات لەلایەن وەزارەتی دادی ئەمریکاوە چوارچێوەکەی دیاریکراوە وگەر ئەوە لەبەرچاوبگرین کە ئەمریکا خۆی هەم بەپێی بڕیارنامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە عێراق بە ( داگیرکەر ) وەسف کراوە وهەم لایەنێکی سەرەکی کێشە وململانێ سیاسیەکانی ئەم قۆناغەی ژیانی سیاسی عێراقە ئیتر میسداقیەتی ئەم دادگایە ئەکەوێتە ژێر پرسیاری جیدیەوە.**

**کەس لە ئێستادا نازانێت کە ئاراستەی کۆتایی دادگاکە لەکوێدا ئەگیرسێتەوە وچ حوکمێك بەسەر ئەو تاوانبارانەدا ئەسەپێنێت کە ئەوەیان لە ئێستادا مەسەلەی سەرەکی نیە بگرە لەوە گرنگتر ئەوەیە کە ئەم دادگایە چەند ئەتوانێ ببێ بەبەردی بناغە بۆ بنیاتنانی سیستمێکی قەزایی سەربەخۆ وشەفاف ورەوا وپارمەتیدەرێك بێت لەدووبارەنەبوونەوەی کارەساتی تری مرۆڤ کوژی ی بەربڵاو چ لەکوردستان وچ لەهەموو عێراقدا.**

**بەبڕوای من گەر سەدام وداروودستەکەی لەدادگایەکی نێودەوڵەتیدا دادگایی بکرانایە باشتربوو. من لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە کە دادگایەکی نێودەوڵەتی ملی سەدام وتاقمەکەی لەپەتی سێدارە ڕزگار ئەکات ولەئێستادا ئەوە ناوەڕۆکی مەسەلەکە نیە بەڵکوو ئەو جۆرە دادگایە بەبەراورد لەگەڵ دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق ، زیاتر لەخزمەتی فایلی ئەنفال وقوربانیەکانیدا ئەبوو وهەروەها خزمەتی ئەکرد بە بوعدی سیاسی پشت مەسەلەکەشەوە کە بریتیە لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی لەسەر گەلێك کە ئەو چەوسانەوەیە تا ئاستی جینۆساید ڕۆیشتووە.**

**دەنگەکان :**

**پرۆسەی دادگاییکردنەکە چۆن دەگوزەرێ وتا چەند تەبایە لەگەل خواستی جەماوەری کوردستان وسکالای زیان لێکەوتووان ؟**

**ئەحمەد معین :**

**بۆ ئەوەی بەووردی لە دادگای تاوانەکان بگەین ئەبێ هەرچوار لایەنە پێکهێنەرەکەی لەبەرچاوبگرین:**

1 / **دادوەرەکان**

2 / **هەیئەتی ئیدیعای گشتی**

3 / **تاوانباران وپارێزەرەکانیان**

4 / **قوربانیانی ئەنفال وپارێزەرەکانیان**

**هەرچی دادوەرەکانە ئەوە مەرجەعی یاساییان بریتیە لە ( یاسای ئیبادەی بە کۆمەل و تاوانی کاتی شەڕ ) کە لەلایەن حکومەتی نوێ ی عێراقەوە دەرکراوە. گرنگترین کەم وکوڕی ئەو یاسایەش لەم بوارەدا ئەوەیە کەلە یاسا نێودەولەتیەکانی دژی جینۆسایدەوە هەلنەهێنجراوە یا ئەو یاسا نێودەولەتیانە سەرچاوەی سەرەکی ی نیە وجگە لەوەش پشت بەو ڕێسایانە نابەستێ کە لەعورفی یاسایی وقەزائیدا پێیان ئەووترێ ( سوابقی قەزائی ) وەکو دادگای نۆرمبێرگ وچەندین کەیسی هاوچەشنی تر.**

**گەر لەو کەم وکورتیە بابەتیە سەرەکیە بگوزەرێین وبچینە سەر خودی دادوەرەکان ئەوکات زۆر کەم وکورتی ترمان بەرچاو ئەکەوێ. لەڕاستیدا ئەوەی کەمێك لە یاسا ودادوەری شارەزا بێت ئەزانێ کەکەسایەتی دادوەرەکان وبەتایبەتی دادوەری یەکەم ڕۆلێکی گرنگی هەیە تەنانەت لە لیبرالترین سیستمس قەزائیشدا. مەسەلەی وەکوو میزاجی دادوەر ، ئاستی تاقیکردنەوە وشارەزایی ورادەی قالبوونی ، ڕادەی ڕۆشنبیری گشتی دادوەر و .... تاد ، دەوری گرنگیان هەیە لە هەر دادگایەکدا. ئەوانە گرنگیان لەوەدایە کە دادوەر مافی تەفسیری ماددە یاساییەکان وقیاسی هەیە کە ئەوە سەلاحیەتێکی گرنگ وتایبەتە کە لە عورفی قەزاییدا پێ ی دراوە . جا ئەو کاراکتەرانەی پێشووی دادوەر ڕۆلی گرنگ ئەگێڕن لەبواری پیادەکردنی تەفسیرەکانیدا وئەتوانن جۆر وئاراستەی دادگاکە بەڕادەیەکی ڕێژەیی بگۆڕن . گەر ئەو هۆیانە بخەینە پال ئەو کەموکوریە بنەڕەتیانەی یاساکە کە پێشتر باسم کردن ، هەروەها لاوازی وکەمی وبگرە نەبوونی عورف وسوونەتی قەزائی لەعێراق لەبواری مامەلەکردن لەگەل کەیس جینۆساید وتاوانی کاتی شەڕ وتاوان لەدژی مرۆڤایەتی لەبەرچاوبگرین ، ئەوکات بایەخی پێکهاتەی هەیئەتی دادگا وبەتایبەتی دادوەری یەکەم ڕوونتر لەم دادگایەدا دەرئەکەوێ.**

**گەر بەلەبەرچاوگرتنی ئەو سەرنجانەوە بڕوانینە قۆناغی سەرۆکایەتی عبدالله العامری لەم دادگایەدا ، زۆر لاوازی وگرفتی گەورە لەم بەشە کاریگەرەی دادگای ئەنفالدا دەرئەکەون.**

**دادوەری ناوبراو ئاستی ڕۆشنبیری لاواز بوو . شارەزایی لەسەر پێشینەی کەیسەکە کەم بوو . تەرکیبەی جوگرافی ناوچەی ڕوودانی تاوانەکەی نەئەزانی . شارەزایی زنجیرەی تاوانەکە و ووردەکاریەکانی نەبوو. ئەتووت یەکە مجارە باسی ئەنفالی بیستبێ وتەنانەت فایلی لێکۆلینەوەکانی باش نەخوێندبێتەوە . جگە لەوەش زۆر میزاجی ونایەکسان مامەلەی لایەنەکانی کێشەکەی ئەکرد . کاتێك شکات کەرێك لە گێڕانەوەی پێشینەی خێزانەکەیدا ووتی باوکیشم لە سالی 1979 لەلایەن ڕژێمەوە کوژراوە زۆر بەتووندی ئەیووت : ئەو ڕووداوە پێش ئەم مەسەلەیەیە ونابێ باس بکرێ کەچی لەبەرانبەر عەنتەریاتە سیاسیەکانی سەدامدا گوێ ڕایەل ئەوەستا کە باسی سالانی 1969 وگفتوگۆکانی پرۆسەی ئۆتۆنۆمی 1970 وڕێکەوتنی جەزائیری ئەگێڕایەوە .**

**کەسایەتی دادوەری ناوبراو ولاوازی کەسایەتی مەعنەوی ئەو گەیاندی بەو ئاستەی کە سەرەنجام بە سەدام بلێت ( تۆ دیکتاتۆر نیت ) وبەوەش میسداقیەتی دادگاکەی خستەوە ژێر پرسیارەوە . من پێم وایە ئەوە هەم لەدەم دەرچوونی هەستێکی ڕاستەقینەی ئەو دادوەرە بوو وهەم نیشاندەری کەش وهەوا وقەناعەتی ناومێشکی دادوەرەکە بوو کە باش بوو بەو جۆرە پێشوەخت دەری بڕی.**

لایەنی دوای دادوەر هەیئەتی ئیدیعای گشتیە. ئەم هەیئەتەش لەچوارچێوەی یاسایەکدا دەورئەگێڕێ کە بۆی دیاریکراوە. بەڵام ئەم هەیئەتە لەچوارچێوەی هەمان یاسادا ئەیتوانی ڕۆڵی کاریگەرتر بگێڕێ بۆ ئەکتیڤ کردنی سەرجەم پرۆسەی دادگاییکردنەکە وبردنەوەی ڕەوتی دادگاکە بۆسەر ناوەڕۆکی کەیسەکە کە زۆرجار بەئەنقەست لەلایەن تاوانبارەکان وپارێزەرەکانیانەوە بەلاڕێدا ئەبرێ وبەهۆی شلۆکی دادوەرەوە بۆیان ئەچێتەسەر . ئیدیعای گشتی کۆسپ وڕێگری زۆری ئەخرێتە بەر لەلایەن دادوەرەوە بەڵام تا ئێستا ، بەبەراوورد لەگەڵ لایەنەکانی تردا ، ئەم هەیئەتە چالاکترینیانە بەتایبەتی بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستیانەی کە زۆرجار ئەخرێنە پەراوێزەوە یا لەلایەن تاوانبارەکان وپارێزەرەکانیانەوە ئەشێوێندرێن.

ئەم هەیئەتە بەگشتی چاوەڕوانیەکی زۆری لەسەرە بۆ خستنەڕووی ڕادە و قەبارە وڕاستیە زۆروزەبەندەکانی تاوانەکە وسەلماندنی دادپەروەری ویەکلاکردنەوەی کەیسەکە وڕێگرتن لەبەلاڕێدابردنی سەرجەم دادگاکە و لەهەمووشی گرنگتر ناساندنی ئەم تاوانە وەکوو تاوانێکی پێکەوەگرێدراو ، پلان بۆداڕێژراو ، هەمەلایەنە ، وئاست فراوان کە ئەوانە هەموویان تایبەتمەندی جیاجیای تاوانی جینۆسایدن.

ئەم ڕۆڵەی ئیدیعای گشتی وچاوەڕوانیەك کە لێ ی ئەکرێ کاتێك بەرجەستەتر ئەبێتەوە کە لاوازی و کەموکوڕی هەیئەتی پارێزەرانی شکاتکەرەکان لەبەرچاوبگرین.

هەرچی تاوانبارەکان وپارێزەرەکانیانە ئەوان لەبەرانبەر ڕاستیە هاشاهەڵنەگرەکانی ئەم تاوانەدا ڕێگە وشێوازی جیا ئەگرنەبەر.

تاوانبارەکان تا ئێستا ئەیانەوێ لەچاو دادگای دوجەیلدا ئارامتر خۆبنوێنن. خاڵی ستراتیجی ئەمان وپارێزەرەکانیان 2 جەمسەری هەیە :

یەکەم : هەرچی بتوانن ئەم تاوانە وەکوو تاوانی کوشتنی دابڕاو لەیەك وبەبیانووی شەڕ لەگەڵ ئێران وپێشمەرگە و وەکوو بەشێك لە پێویستی لۆجستیکی ئەو شەڕانە پاساو بدەن .

دووەم: کات بەفیڕۆ بدەن وکاتی پرۆسەی دادگایی کردنەکە هەرچی ئەتوانن درێژتربکەنەوە بەو ئومێدەی لەعێراقدا ئاڵوگۆڕێك بەقازانجی بەرەی سیاسی خۆیان ولایەنگرەکانیان ڕووبدات تا باری شانی ئەمان سووك بکات وبە سەفەقاتی سیاسی ڕزگاریان ببێت .

بەڵام کەیسی ئەنفال زۆر جیایە لەهی دوجەیل . بەرینی ڕووپێوی شوێنی ڕووداوەکە ، ژمارەی قوربانیانی ، کوژرانی دەیان هەزار منال وژن وپیر تیایدا ، خەسڵەتی بەئەنقەست بوونی تاوانەکە ، ڕادەی توندوتیژیەك کە تیا بەکارهاتووە ، ژمارە وجۆری چەکی هێزەکانی ڕژێم بەتایبەتی چەکی کیمیاوی ، نابەرابەری هەردوولای کێشەکە ، بەرنامە وپلانێکی وورد کەبۆ تاوانەکە داڕێژراوە ، ئەوەی ئەم تاوانە ( فعل ) بوو نەك ( رد فعل ) وەکوو دوجەیل ، پێشینەی ڕژێم وتاوانەکانی تری دەرهەق بەخەلکی سیڤیل لەکوردستاندا ، نیەت ونیازی لەوەوپێش بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە ، دووری زۆرێك لەناوچەکانی ڕوودانی تاوانەکە لەبەرەکانی شەڕ لەگەڵ ئێران وتەنانەت لەناوچەی چالاکی پێشمەرگە ، بەتایبەتی لەوسەردەمەدا جوغزی جوگرافی بوونیان وئاستی هەڵسووڕانی چەکدارانەی پێشمەرگە زۆر بەرتەسك کرابوونەوە ودەیان فاکتەری تر کە بە دۆکیۆمێنت هەن ، هەموویان بەڵگەی زەق وڕەقن وگەر کەیسەکە لەلایەن کەس وکاری قوربانیان وپارێزەرەکانیانەوە بەباشی و ووردی بخرێتەڕوو وبەرگری باشی لێ بکرێت ، ئەوا بواری پاساو وهاشا وخۆدزینەوەی تاوانبارەکان وپارێزەرەکانیان زۆر بەرتەسك ئەکاتەوە .

من پێم وایە کە بەوڕادەیەی کە ڕەوتی دادگاکە بڕواتە سەر ڕەواڵی سروشتی وڕاستەقینەی خۆی وشۆڕببێتەوە بۆناو ناوەڕۆك و ووردەکاریەکانی تاوانەکە وبوار بۆ فرتوفێڵ وپاساو وهەوڵی بەلاڕێدابردنی دادگاکە لەلایەن تاوانبارەکان وپارێزەرەکانیانەوە کەمتر بکاتەوە ، بەهەمان ڕادە سەدام ودارودەستەکەی بە پارێزەرەکانیشیانەوە ، بەناچاری هەولی ئەوە ئەدەن کە قسە وبەرگریەکانیان بەبارێکی سیاسیدا ببەن و هەول بدەن دادگاکە بکەن بەشانۆی عەنتەریاتی سیاسی ودرۆوودەلەسە وپاشان ئاژاوەگێڕی وڕێگرتن لەبەرەوپێشچوونی دادگا وەکوو کشانەوە وەیا سکاڵا لەسەر شتی ووردەواڵە .

بەلاّم دیارە ئەوە دیسانەوە بەستراوەتەوە بە ڕۆڵی لایەنەکانی تری دادگاوە بەتایبەتی هەیئەتی دادوەری وەدادوەری یەکەم کە ئەو هەولاّنە پووچەڵ بکاتەوە وبە پێی یاسا وسەلاحیاتەکانی خۆی ڕەوتی دادگاکە بێنێتەوە سەر ڕەیلی خۆی بێ ئەوەی هیچ مافێکی یاسایی تاوانبارەکان بکات بەقوربانی.

سەبارەت بە سکالاّکەران وپارێزەرەکانیانیش ووتنی هەندێ ڕاستی پێویستن .

لەم دادگا وکەیسەدا کە زۆر ووردەکاری هەیە گرنگترین شت نیشاندان وسەلماندنی تاوانەکەیە بەبەلگەی کورت وپڕمەغزا وکۆنکریت . گێڕانەوەی مەزلوومیەتی مەعنەوی ناتوانێ بەتەنها کەیسی ئەنفالەکان بەهێز بکات . بەلاّم فاکتی وورد ، ژمارە ، بەروار ، گێڕانەوەی مەنتیقی زنجیرەی ڕووداوەکان بێ موبالەغە وخۆپاراستن لەهەلچوون بایەخی زۆریان هەیە . هیچ کەس ناتوانێ کە لەشوێنێکدا بکەوێتە بەرهێرشێکی خەستی تۆپ باران ولەکاتە سەختەدا بیپەرژێتە سەر ئەوەی کە ئاراستەی بۆمبارانەکە لەکوێوە بوو، جۆری تۆپەکان چی بوون، چەند مەتر لەنزیکی مالەکەتدا کەوتن وزۆر شتی تری لەوبابەتە کە بەئەنقەست لەدادگادا دژی قوربانیانی ئەنفال ئەووروژێنرێن . بەلاّم بەداخەوە زۆرجار سکالاّکەرەکان ئەکەونە ناو ئەو داوانەوە . کەسێکیان یا پارێزەرێکیان نەیووت ( گەر ئێستا ئەم هۆلی دادگایە بۆردوومان بکرێت هیچ شارەزایەکی سەربازی ئەتوانێت دیری بکات کە جۆری چەکەکە وئاراستەکەی لەکوێوە بووە؟ ) . گەر سکالاّکەرەکان ناتوانن ئەم مەنتیقە بەکاربێنن خۆ ئەبێ پارێزەرەکانیان شارەزای ئەوانە بن وەهەلبدەنێ . شایەدەکان یا بەتەڵقینی لەوەوپێش یا بەهۆی کەم شارەزاییانەوە هەر هەموویان ئەلێن جۆری ئەو فرۆکانەی دێهاتەکانمانیان بۆردوومان ئەکرد ( سۆخۆی ) بوون ودواتریش لەبەرانبەر پرسیاری تاوانباران وپارێزەرەکانیاندا لەسەر شێوەی ئەو جۆرە فرۆکانە دۆش دائەمێنن . ئایا پێویستە قوربانی بۆمبارانی فرۆکە بزانێت جۆری فرۆکەکەش چی بووە؟ ئایا تەنیا بەو بەلگەیە ئەتوانرێ بسەلمێنرێ کە ئەوانە فرۆکەی عێراقی بوون نەك ئێرانی ؟ من تەنها وەك نموونەیەك ئەوە باس ئەکەم وئەکرێ بەچاوگێڕانی وورد بە پرۆسەی دادگاکەدا دەیان نموونەی لەو چەشنە بدوزینەوە کە بۆ کەسێك کە لەنزیکەوە ئاگاداری تاوانەکە نەبووبێت ئەکەوێتە گومانەوە لە لە دروستی قسەی سکالاّکەرەکان .

پارێزەرانی مافی سکالاّکەرەکان لاوازترین لایەنی ئەم دادگایەن . شارەزاییەکی زۆرکەم لەزمانی عەرەبی ، کەم تەجروبە ، ڕۆڵی زۆر کەم ئەگێڕن ، بێ توانا لەبەرپەرچدانەوە وپووچەڵکردنەوەی بیانوەکانی لایەنی تاوانبارەکان ، لاواز لە تەگبیر ومەشوەرەت کردن لەگەل سکالاّکەرەکان وئامادەکردنیان ( کە ئەوە مافێکی یاسایی خۆیانە ) وزۆر کەموکوڕی تری زەق ودیار . پێئەچێ زۆرێك لەو پارێزەرانە ، لەگەل ڕێزمدا بۆ کارێك کە ئەیکەن ، شارەزایی ووردی کەیسی ئەنفالەکان نەبن . بۆ پارێزەر هێزی مەنتیق وئیستیدلال ودژە مەنتیق لەبەرانبەر لایەنی دووەمدا زۆر گرنگە کە بەداخەوە لێوەشاوەییەکی ئەوتۆمان لەم تیپەی پارێزەران نەدی . پێئەچێ ئەم تیپە ستراتیجیەکی بەرگری یاسایی ڕوون ولەوەوپێش ئامادەکراو وپوختەکراویان دانەڕشتبێ وزیاتر مداخلەکانیان پچڕپچڕە وزیاتریش کاردانەوە و وەلاّمدانەوەیەکی دابڕاوی قسەی ئەم یا ئەولایەنی ناو دادگاکەیە . ڕەنگ بێ ئەوان لەسەر بنەمای ئەو قەناعەتە هەلسوکەوت بکەن کە ئیسپاتکردنی ئەم تاوانە بەسەر تاوابنارەکاندا کارێکی ئاسانە ولەهەلسان لەو میزاجە گشتیەوە لەناو خەلك لەکوردستاندا کە هیچ کەس گومانێکی نیە کە ئەم کۆمەلە تاوانبارە ئەو تاوانەیان ئەنجامداوە . بەڕای من گەروابێ ( کە وا پێئەچێ ) ئەوە هەڵەیەکی کوشندەیە بەتایبەتی بۆ سەڵماندنی ئەم تاوانە وەکوو جینۆساید کە پارێزەرەکان زۆر بەدەگمەن چوون بەلای ئەم لایەنەی مەسەلەکەدا.

بۆ نموونە لەسەروبەندی یەکێك لە بەشەکانی دادگایی کردنەکەدا یەکێك لەبەرنامە تایبەتەکانی کەناڵی کوردسات گفتوگۆیەکی کرد لەگەل یەکێك لە پارێزەرانی بەرگری قوربانیەکانی ئەنفالدا ( بەداخەوە ناوەکەی نازانم ) کە زۆر ڕاشکاوانە ولەکەناڵی ناوبراوەوە زۆر ووردەکاری خۆیانی بۆ داهاتوو باس ئەکرد کە پێویست نەبوون لەوێدا باسیان بکات وبەوەشدا کەم تەجروبەیی خۆی نیشان ئەدا . جگە لەوانەش ئەم دەستەیە لە پارێزەران کەمتر بەڵگە و یاسا نێودەولەتیەکان وپێشینەی قەزایی هاوچەشنی نێودەولەتی ئەکەن بەمەرجەع وبەڵگەی بەرگری کردنەکەیان بەتایبەتی بۆ ناساندنی ئەم تاوانە بە جینۆساید کە ئەوە نەك مافی یاسایی خۆیانە بەڵکوو زۆریش پێویسە وکەیسەکە زۆر بەهێز ئەکات و بەکورتی ئەم تیپەی پارێزەران هێشتا لەحاڵەتی بەرگری ( دفاع ) دان .

لەدواییشدا ئەوەش بلێم کە زۆر پێویست بوو بۆ ئەم کەیسە ناسکە لەپاڵ پارێزەرە کوردەکاندا ئەوروپی وبێگانە یا عێراقی بەتایبەتی پسپۆرانی بواری یاسا نێودەولەتیەکان وجینۆساید مافی وەکالەتی سکاڵاکەرەکانیان پێ بسپێردرایە تا بەشێك لەکەم وکوڕیەکانی ئەم بوارەیان پڕبکردایەتەوە . دیارە ئەوە ناکۆك نیە لەگەل یاسای ئەم دادگایەی ئێستادا بەمەرجێك سەرۆکی دەستەی پارێزەرەکان عێراقی بێت ونموونەش ئەندامەتی ڕامزی کلارك وچەندین پارێزەری بیانین لە دەستەی پارێزەرانی بەرگری لەتاوانبارەکان .

هەر لێرەدا جێ ی خۆیەتی ئەوەش بلێم کە وەرگێڕەکانیش بەهۆی کەمی شارەزاییان لەزمانی عەرەبی وتەنانەت کوردیش دەوری نەگەتیڤیان هەیە لەم دادگایەدا . وەرگێڕێك بۆ وەرگێڕانی قسەی سکاڵاکەرێك کە ئەیووت ( هەموویان لەناوبران ) ئەیووت ( تم نفیهم ! ) . یەکێکی تریان کە سکاڵاکەرەکە ئەیووت ( کچە جوانەکانیان لە تۆپزاوە جیاکردەوە ) ئەیووت (الفتيات الجميلات ) کە مەبەستی سکاڵاکەرەکە ( کچە لاوەکان ) بوو کەبەو هۆیەوە بگرە وبەردەیەکی زۆری نایەوە وسەدام بەڕەواڵی خۆی هاتە زمان وئەیووت ئەوە سووکایەتیە بە عێراقیەکان وئێمە شتی وامان لێ ناوەشێتەوە .

دەنگەکان :

ڕەخنە وسەرنجەکانی شەقامی ڕەوەندی کوردی چون دەبینن ؟ ئەتوانن چی بگۆڕن لە ڕەهەندی دادگاییەکە ؟

**ئەحمەد معین :**

سەرنج ورەخنەکانی شەقامی کوردی لەڕووی سیاسی ومعنویەوە ڕەوا وگرنگن چونکە لەژێرکاریگەری ئەو تاوانە گەورەیەدان کەمێژوویەکی زۆر ودوور بەسەریاندا تێنەپەڕیوە . بەلام دیارە ئەو ڕەخنە وسەرنجانە لەژێر کاریگەری زۆر فاکتەری سیاسی دان . جگە لەوەش ئەو ڕەخنە وسەرنجانە ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی جۆراوجۆری خەلکن . بەلام خالێکی گشتی وهاوبەشی ئەو ڕەخنە وسەرنجانە بەچەند شێوە گوزارشت لەخۆیان ئەکەن .

یەکەم : نیگەرانی لەوەی کە سەرەنجام ئەم تاوانە وەکوو جینۆساید نەناسرێت .

دووەم : نیگەرانی لەلاوازی وکەموکوڕیەکانی تا ئێستای هەموو لایەنەکانی پرۆسەی دادگاییکردنەکە .

سێیەم : کە لەهەموویان گرنگترە ئەوەی کە ئەم دادگایی کردنە نەبێت بە خالێکی وەرچەرخان لە :

1 / ڕەواندنەوەی ترس لەحکومەتی ئێستای عێراق یا حکوومەتە داهاتووەکانی ئە وولاتە کە هیچ بەلگە وئاراستەیەك نابینن بۆ بنەبڕکردنی کینە ورقیان لەبەرانبەر خەلکی کوردستاندا ورازی بوونیان بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد وناساندنی ئەنفال بە جینۆساید بەهەموو دەرەنجامەکانیەوە کە لە پێشیانەوە قەرەبووکردنەوەی زیانە ماددی ومەعنەویەکانی قوربانیە ڕاستەوخۆکانی وداوای لێبووردنە لەگەلی کورد .

2 / ئەم دادگایە ببێت بەسەرەتایەك بۆ ڕیفۆرمێکی ڕیشەیی لە سیستمی گەندەلی یاسایی وقەزائی عێراق و جێگرتنەوەی بە سیستمێکی مۆدرن وشارستانیانە کە پشت ببەستێ بە یاسا وعورف وسوونەتە نێودەولەتیەکان وسەرجەم سیستمی پێشوو یا سیستمی ئیسلامی قەزا ویاسا تووڕهەلداتە ئەولاوە .

جگە لەوە، ڕەوتی پڕ ئالوگۆڕ وهەلچوون وداچوونەکانی دادگا میزاجی شەقامی کوردی ئەگۆڕێت . هەرکات پرۆسەی دادگاییکردنەکە لەڕەوتی خۆی لابدات یا لایدابێت ، نیگەرانی شەقامی کوردی زیادی کردووە وبە پێچەوانەشەوە کە پێموایە ئەوە مەسەلەیەکی ڕەوایە بۆ خەلکێك کە زۆرترین ئازاریان چەشتووە بەدەست کەسانێکەوە کە ئەمڕۆ لەقەفەزی دادگادا ئەیان بینن .

سەبارەت بەبەشەکەی تری هەمان پرسیار من پێموایە واباشترە کە ڕەوتی دادگاکە دووررابگیرێت لەکاریگەری شەقامی کوردی چونکە شەقامی کوردی لەژێرکاریگەری زۆر فاکتەری بزۆك وگۆڕاودایە . هەمووعان لەبیرمانە کاتێ هەولْ ئەدرا بۆ ڕاکێشانی ( نزار الخزرجی ) بۆ دادگا بە تۆمەتی بەشداری لە ئەنفالدا وپرۆسەی سکاڵا دەستی پێکرد ، بەهۆی پاساو

ورۆڵێکی خراپەوە کە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ویەکێتی نیشتیمانی کوردستان گێڕایان بۆ ڕێگرتن لەو کارە پیرۆزە ، ئاڕاستەی شەقامی کوردیش گۆڕانی بەسەرداهات ( ئەو مەسەلەیە زیاتر لەدەرەوە ووروژا ) .
من ئەوەم بەنموونەیەك هێنایەوە وهەر ئێستاش لەبەرانبەر داخوازی خەلکدا بۆ ڕاکێشانی کۆنە لێپرسراوانی فەوجەکانی خەفیفە بۆ بەردەم دادگا ولێکۆلینەوە لەگەڵیان بەتاوانی بەشداری لەئەنفالدا ، هەردوو حیزبی ناوبراو هەڵوێستێکی هاوچەشنی ئەوەی ئەوکاتەیان هەیە . بۆیە ووروژاندنی شەقامی کوردی بەپەیوەند بەدادگای ئێستاوە ڕەنگ بێ ئاکامی نێگەتیڤیشی هەبێت وبیخاتە خزمەت مەرامی سیاسی هەمەچەشنەوە جگە لەوەی میسداقیەتی دادوەری و کەیسەکە ئەباتە ژێر پرسیارەوە . بۆیە بەهۆی قورسی وهاشاهەلنەگری تاوانەکە وبوونی هەزاران فاکت وبەڵگە ، پێویست بەسیاسیزەکردنی مەسەلەکە ناکات وپێموایە شەقامی کوردی سەربارى ڕەوابوونی بێ ئەملاوئەولای هەست وچاوەڕوانیەکانیان ، ئەتوانێ ڕۆلی نێگەتیڤیش بگێڕێت .
بەلاّم ئەکرێ ئەو نیگەرانی وسەرنج ورەخنانەی شەقامی کوردی لەهەلسوکەوت وچالاکی تیپی پارێزەرانی مافی قوربانیەکاندا ڕەنگ بدەنەوە وپیاچوونەوەیەکی جدی وخێرا وهەمەلایەنە لەکار وچالاکی وبەرگری تیپی ناوبراودا بووە بەپێویستیەکی ئیستەرەم کە ئەبێ نیگەرانیەکانی شەقامی کوردیش لەو پیاچوونەوەیەدا ڕەنگ بدەنەوە .
ئەلبەتە بۆیە من ئەلێم نیگەرانیە ڕەواکان چونکە شەقامی کوردی بەدووریش نیە لە گیانی تۆڵە وکەف وکوولْ کە بەشێکی ڕەنگدانەوەی خودی ئەو تراجیدیا گەورەیەن کە هێشتا یەکلانەکراوەتەوە .
دەنگەکان :
بۆچی چۆنیەتی بڕیاردانی ئەنفال وەك کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە ؟

ئەحمەد معین :
پێش هەر شتێك بایەخی ناساندنی تاوانی ئەنفال بەجینۆساید لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە لەوەدایە کە دان بەڕاستیەکدا ئەنێت کەلەچوارچێوەی بەرژەوەندی سیاسی وبەیەکداچوونی بەرژەوەندی وپیلانی زۆر دەولەت ولایەنی ناوچەیی وجیهانی لەقۆناغێکی گرنگی وەکوو هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوودا ، پەردەپۆشکرابوو . ڕاستیەکی موتڵەق ورەها کە دەیان هەزار کەسی بێتاوانی سیڤیل بەهۆی ئینتیمای نەتەوەییانەوە قەلاّچۆکران وهێشتا زۆر لایەنی تراجیدیەکەیان بە نارۆشنی ولێڵی ماوەتەوە .
ناساندنس ئەم تاوانە بەجینۆساید ئەبێ ڕۆلی ئەو دەوڵەت وکۆمپانیانەش کەشف بکات کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ یارمەتیدەری ئەنجامدانی تاوانەکە بوون وئەبێ ئەوانیش سزای ماددی ومعنوی خۆیان وەربگرن . ئایا بەبەڵگەوە دەرنەکەوت کە دۆناڵد ڕامسفێڵد لە کۆبوونەوە بەناوبانگە نهێنیەکەی ساڵی 1984 وەکوو نوێنەری تایبەتی ڕۆناڵد ریگان ڤیزای بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بە سەدام حسێن داوە ؟ خۆ جینۆسایدی ناوبراو لەناو چواردیواری داخراودا ئەنجام نەدرا . ئایا نوێنەرانی تایبەتی کۆنگریسی ئەمریکا کە لەژێر فشاری زۆردا سەردانی کەمپی ماردینیان کرد بۆ لێکۆلینەوە لە (دەنگۆ ! ) ی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن ڕژێمەوە بە ڕەسمی ڕایان نەگەیاند کە هیچ بەڵگەیەك بۆ بەکارهێنانی چەکی لەوجۆرە لەلایەن ڕژێمی ئەوکاتی عێراقەوە لەئارادانیە ؟ ئایا ئەوانە ودەیان هاوکاری تری لۆجیستی وچەکی هەمەجۆر وپارە وقەرزدان بە ڕژێمی سەدام لەگەرمەی ئەنفالەکاندا لەکوێ ی ئەم تراجیدیەدا جێیان ئەکرێتەوە. ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید ئەبێ ئەوانە وسەدان فایلی تری لەو جۆرە هەڵبداتەوە ئەگینا دیسانەوە لەروانگەی یاساییەوە میسداقیەتی مەسەلەکە ودادگاکەش ئەچێتەوە ژێرپرسیارەوە وزیاتر ئەبێ بەسیناریۆیەکی سیاسی وعەدالەتێکی نیوەچل .
دەرەنجامی ڕاستەوخۆی ناساندنی ئەنفال بەجینۆساید لەلایەن ئەم مەرجەعە یاساییەوە ، بەشێوە سروشتیەکەی ، یانی قەرەبووکردنەوەی هەمەلایەنەی مادی ومعنوی هەر کەسێك کە بەوهۆیەوە زیانێکی مادی یا معنوی ، گەورە یا بچووکی لێکەوتبێت . بەڕاستی کەس ناتوانێ ژیانی ئەو 182 هەزار ئینسانە بگێڕێتەوە بەلاّم ڕزگارکردنی کەس وکار وپاشماوەکانیان لەودۆزەخەی کە تیا ئەژین ، لەپرۆسەیەکی شەفافدا ولەلایەن مەرجەعی سەربەخۆوە کە پێویستە

**بۆیان پێکبێت وسندووقێکی تایبەت لەژێر سەرپەرشتی لایەنێکی وەکوو نەتەوەیەکگرتتوەکاندا بۆ ئەم مەبەستە بەداهاتێکی وەکوو 5 % فرۆشی نەوتی عێراقی بۆ تەرخان بکرێ ، لانی کەم بەشێك لە ئازارە مادیە ڕاستەوخۆکانیان کەم ئەکاتەوە ولەم ژیانە نیمچە سوالکەریەی ئێستایان ڕزگاریان ئەکات . سەرەنجامیش ئەبێ کۆمسیۆنێکی بالای سەربەخۆ بۆ بەدواداچوونی پێویستی قوربانیەکانی ئەم تاوانە پێك بێت کە بەتەواوەتی دوور بێت لەهەر دەستێوەردانێکی دەسەلات وحیزبەکان . تاقیکردنەوەی قوربانیانی ئەنفال لەگەڵ دەسەلات وحیزب لەکوردستاندا تاقیکردنەوەیەکی تاڵ ولاپەڕەکانی پڕن لەنەهامەتی وبەدبەختی بۆیە ئەبێ ڕێگە نەدرێ دەسەلات سیاسی کوردی لەناوخۆی کوردستاندا تووخنی پرۆسەی قەرەبووکردنەوەی ماددی قوربانیانی جینۆسایدی ئەنفال بکەون وگەر ئەوان لەم دوادواییەشدا ئەیانەوێ ئاوڕێك لەو مەسەلەیە بدەنەوە با هیچ نەبێ ئەنفالچیە کوردەکان لە ڕیزەکانی خۆیاندا پاك بکەنەوە تا تۆزێك ئارامی بخەنە ناو دلی ئەو سەدان هەزار کەسوکارەی قوربانیانی ئەو کارەساتەوە .**

**جگە لەوانە ناساندنی ئەم تاوانە گەورەیە بە جینۆساید جارێکی تر سەرنجی هەموو ناوەندەکان لەناو عێراق وجیهاندا ئەباتەوە سەر مەسەلە سیایەکانی پشتی ئەو کارەساتە . ئەنفال پریشکێکی مەسەلەی چەوسانەوەی نەتەوایەتی بوو لەلایەن یەکێك لەڕژێمە مەرکەزیەکانی ناوچەکەوە کە کوردستان بەسەریاندا دابەشکراوە . مانەوەی ئەم مەسەلەیە بەچارەنەکراوی ، سیناریۆی ئەنفال لە عێراق وتورکیا وئێران وسوریاشدا بەکراوەیی ئەهێلێتەوە . ئەبێ قۆناغی دوای ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید ببێ بە قۆناغی پابەندبوونی کۆمەلگای نێونەتەوەیی بە چارێکی ڕەوا بۆ مەسەلەی کورد وداڕشتنی (نەخشەی ڕێگا ) یەك وسازدانی کۆنگرەیەکی نێودەولەتی بۆ ئەو مەبەستە بەتایبەتیش مەسەلەی کورد لە هیچ پارچەیەکی کوردستاندا تێکەڵ بە سەرەتانی تیرۆریزمی ئیسلامی نەبووە ( گەر لە بیانووەکانی ئەمریکا بگەڕێین سەبارەت بەمەسەلەی کورد لە تورکیا ) وئیتر ئەو پاساوەش نامێنێتەوە کە ئەمرۆ لەفەلەستین دا بە بیانووی بوونی هێزە ئیسلامیەکانەوە بۆ پشت گوێ خستنی ئەو مەسەلەیە ئەهێنرێتەوە .**

**لە عێراقیشدا ئەبێ ئەو مەسەلەیە هاوکات بێت لەگەڵ چەندین ئالوگۆڕی ڕیشەیی سەبارەت بەمەسەلەی کورد . ناکرێ چیتر مێژووی 80 ساڵ چەوسانەوە وقەلاچۆکردنی گەلێك تەنیا بەتووندڕەوی وخوێنمژی سەدام و علی حسن المجید وچەند کەسی تری ناو قەفەزی تاوانی ئەم دادگایە بەرتەسك بکرێتەوە . هاشاکردن لەمافی گەلێك تا ئاستی هاشاکردن لە بوونی فیزیکی تاك تاکی ئەو گەلە ( کە ئەنفال یەکێك لە ڕەمز وهێما زەقەکانیەتی ) ودنەدانی ڕۆژانە لەدژیان بەبیانووی بێدەربەستیان بۆ یەکێتی خاکی عێراق وباوەشێنکردنی ئەو گیانە شۆفینێنیە ، سبەی ڕۆژ سەدامێکی تر بەرهەم دێنێت. بەو مانایە پێوەری نیەت پاکی دەسەلاتدارەتی ئەمرۆی عێراق یا هەر حکوومەتێك کە لەداهاتودا بێتە سەر کورسی دەسەلات ، ئەوەیە کە جگە لەداواکردنی لێبووردنی ڕەسمی لەگەلی کورد خۆی بەبۆنەی ئەم جینۆسایدەوە ، دان بە ویست وخواستی ئەو گەلەشدا بنێت وڕێز لەمافەکانی بگرێت .**

**هەروەها ئەبێ ئەم تاوانە وەکوو جینۆساید لەبەلگەنامە نێودەوڵەتیەکاندا بەڕەسمی تۆماربکرێت .**

**بەلام بەلەبەرچاوگرتنی زۆر فاکتەر من گەشبین نیم بەوەی دادگای ئێستا تاوانی ئەنفال بەجینۆساید بناسێنێت چونکە لەپشت پەردەی شانۆی دادگاکەوە کەش وهەوایەکی سیاسی و سیستمێکی سیاسی وهێز ودەولەتی وەکوو حکوومەتی ئێستای عێراق وئەمریکا وئێران وتورکیا و وولاتانی عەرەبی وئیسلامی ئەبینم کە ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید زۆر فایلی سیاسی بەڕوویاندا ئەکاتەوە وئەیانخاتە گۆشەیەکی تەسك وبەردەم لێپرساوەتی زۆرەوە کە تا ئێستا کەمترین ئامادەییان نیشانداوە بۆ ملکەچکردن بۆ ڕاستیەکانی پشت مەسەلەی ئەنفال و مانا سیاسیەکانی ئەو تراجیدیا گەورەیە .**

**چارەنووسی سەدام بەبێ دادگایی کردنیشی بەتۆمەتی ئەنفال هەر مەرگە ، پرسیاری لەوە گرنگتر ئەوەیە کە ئایا ناساندنس ئەنفال بە جینۆساید تەنیا مەسەلەیەکی تکنیکی بواری یاسا ودادگایە یا گۆشەیەکە لە پانۆرامایەکی گشتی وگەورەتر کە مەسەلەی کورد وداهاتووی ئەو مەسەلەیە وڕێگەچارە جیاوازەکان وئاسۆکانی بەردەمیەتی ؟**